# شوناس

**شەرمین وەلی**

بلێ..بزانم

هەنسکی شیرینی رۆحت بۆ وێنەی

کامە نیگا..دڵەخورپێیەتی

رۆیشتنت بۆ رێگای

کامە ئاسمانیی.. خەیاڵپلاو

من شەرمنم!!

پەنجەرەکان بە روانینیان

لە ئارەق و شەرمنیم دەئاخنن

من بێنەوام!!

ماڵێکم هەیە لەو سەری کەنار تەنیاییەوە

من دوودڵم!!

لە هێمنی غوربەتی راموسان و

لە چۆڵەوانی چاوی رووت

من کچێکم!!

هەمیشە دەگریم بە یادی

توانەوەی جەستەکان و

کلۆڵبوونی چارەنووسی هاویارانم

من کێم؟!

جگە لە تەمێکی بێ رەنگی بە بڵێسە خنکاو،

جگە لە سیمایەکی ئاشنا بە لۆچ و هەڵقڵێشاو

بە ماچی ساردو سڕ؟!

من کێم؟!

من رەگەزێکم.. پڕاو پڕ لە مەنفا

پڕاو پڕ لە ونی و

لە دوعای نادروست و

لە پیری و نامۆ بە خۆشبەختی..

مەمکوژە!

من رەگم لە سەمایە

پێڵۆم لە هەڵاڵەو

پەرچەمم درەخشان بە

باڵەکانی پەپوولە!!

من مرۆم، من هەناسەم

من ژیان بە بەر ڕێواس و

سەراب بە بەر هەرگیزەوە دەکەم

بپرسە لێم!؟

بپرسە!!

بزانە من کێم؟!

من هاوتەریبی هەورەکان و

بێ پەروایی خەونەکانتم..

من لە وەرزی گڕو تینی نائومێدی

ئارامگرو ساردکەرەوەی هەستەکانتم

من ئەوەم کە دەبێ هەبم!!

من سەرەتام،

من یاداشتی ڕۆژگارو

شوناسی تەنیایی و

قاقاو خواستی جێگاکەتم

مەمکوژە!

عادەتم نەگرتووە بە مردن

پەرۆشی پرژانم و

کوشتن دادی پاکبوونەوەم نادا!!

لەم گەرەکی پەنهانەوە بۆ ئەو

گەرەکی ئاشنا بەچەپاندن

لەم شارەوە بۆ ئەو

شارەی شەڵاڵ لە

جوانی

لەم دینەوە بۆ ئەو دینەی

بێ ئاگا لە بۆسەی ڕۆحگەرایی

دەورم دەدەی..

بپرسە! من کێم؟

من تۆم!

دڵنیام تۆش لە منی و

لە ڕێی جیاکرنەوەی خۆت لە من

نارازیی

دەتەوێ لە سەفەرم هەڵچنی

سەفەرێك

کە لێوانلێو بێ لە ئەبەدیی و

پڕاو پڕ بێ لە چاوەڕوانی نیگای

هەتاو و

بە خەمباری مانەوە لە وێستگەی

گریان و

هاوڕێیەتی لەگەڵ چپەی هەتیوو و

قوڵپ.. قوڵپ دەرژێم بە باڵای

چارەنووسەوە...

حوزەیرانی 2007

Hanasa982@yahoo.com